
# زاخـــۆ.. لە چـــاوەڕوانی بـــوونی بە ئیـــــ




## کێشەی ئاوی خواردنەوە لە شاری زاخۆ چارەسەر بووەو لە گوندو ناحیەو کۆمەڵگاکان ماوە

زاخـــۆ لە ســـاڵی ١٨٦٤بووە بە قـــەزا و ناحیەکانی (رزگاری و دەرکارێ و باتیڤیـــا و ١٨٤ گوند) لەخۆدەگرێت کە تەنیا ٦٩ گوند ئاوەدانکراونەتەوە، زاخۆ جگە لەوەی بەدەروازەیەکی ســـنووری گرنگ لەگەڵ تورکیا دادەنرێت، هەروەها ناوچەیەکی کشـــتوکاڵی و باخداریشـــە، بەڵام رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق گرنگییان پێ نەداوەو لەرووی کارو پـــڕۆژەی خزمەتگوزارییەوە بێبەش کراوە، تەنانەت ئەو پـــڕۆژەو کارانەی کە حکومەتی هەرێم لەم دەڤەرە ئەنجامی داوە بەپێی پێداویســـتی و ئەو وێرانکردنە نییە کە لە قۆناغە مێژووییەکاندا دووچاری بووە، هەر بۆیە گرفت و کەموکوڕی خزمەتگوزاری هەیە. وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان ســـەردانی قەزای زاخۆمان کردو لە نزیکەوە هاووڵاتیانی قەزاکەمان دواندو هەر یەکەی بەپێی پێوستی و تێڕوانین خۆیان ئاماژەیان بە گرفت و کەموکوڕییە خزمەتگوزارییەکان کرد.

لە پاشان ئەو داواکاری و گلەیی هاووڵاتیان و چەندین پرسیاری دیکەمان ئاڕاستەی (خەلیل مەحمود) قایمقامی قەزای زاخۆ کرد. لە پوختەی داواکاری خەڵکەکە و وەڵامەکانی قایمقامدا ئەو ڕاپۆرتە دەخەینەڕوو.







# ــــدارەی سەربەخۆ



## هاووڵاتیان: لە پەروەردەو تەندروستی و کۆڵان و شەقامەکاندا کەموکوڕیمان هەیە

لە سەرەتادا هاووڵاتیانی زاخۆ ئاماژەیان بە کێشەو گرفتە خزمەتگوزارییەکان بەگشتی کرد، لەمبارەیەوە سەلاحەدین تۆفیق سەرپەرشتیاری پەروەردەی زمانی کوردی پێی وابوو: سەرەڕای ئەوەی پاش ٢١ ساڵ نەتوانرا ببینە خاوەنی شێوە زارو دیالێکتیکی یەکگرتووی زمان، کەچی لەبواری میلاکات و بینایەو مامۆستای وانەی کوردی و ئینگلیزی و وانە زانستیەکان و بیرکاریش گرفتی یەکجار زۆرمان هەیە، بەرادەیەك لەگوندی قەرەوڵە قۆناغەکانی ٧و٨ مامۆستای کوردییان نییە، هەروەها ژمارەیەك لە قوتابیان باسیان لە دوو، سێ دەوامی دەکرد کە زۆربەی قوتابخانەکانی زاخۆ ئەو کێشەیەیان هەیە. سەبارەت بەپرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش لەگەڕەکی عەباسیەو لە کەرتی مەهاباد هاووڵاتی بەرەڤان ئەحمەد گوتی: شەقامەکانی گەڕەکەکەمان قیرتاو نەکراوە، لەلایەکی ترەوە بارودۆخی کەرتی تەندروستیش باش نییە کە بەرادەیەك بنکەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەی زاخۆ کەموکوڕی زۆرە، هەر لە نەبوونی پزیشکی پسپۆڕو شارەزاو ئافرەتانەوە تا پێداویستیەکانی نەشتەرگەری. لە گەڕەکی هیزل هاووڵاتی سەلام مامەند سەبارەت بەهەمان گرفت گوتی: بنکەی تەندروستیمان نییە و نەخۆشخانەکەشمان لێ دوورە.

لەرووی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانیشەوە هاووڵاتی شڤان ئیسماعیل لە گەڕەکی کۆنە سەربازگە لە کەرتی راستی پێی وابوو کەموکوڕی خزمەتگوزاری لە گەڕەکەکەیان زۆرە، ئەم هاووڵاتییە ئاماژەی بەداواکارییەکی سەرەکی هاووڵاتیانی گەڕەکەکەیان کرد ئەویش تاپۆکردنی خانووەکانیان بوو. هەروەها غازی حوسێن ئاماژەی بەوەدا کە کۆڵانەکانیان زۆر خراپە و لەم وەرزی زستانە سەرتاپای قوڕو لیتەیە و داواکار بوو شارەوانی پڕۆژەی قیرتاو و شۆستەی ئەو گەڕەکە لە ریزبەندی کارو پلانەکانیان دابنێن، لە گەڕەکی تەلکەبەر نەوزاد میرزا هەمان گرفتی خراپی شەقام و کۆڵانەکانی هەبوو هاوکات داوای تاپۆکردنی خانووەکانیانی دەکرد. لەرووی پاکوخاوێنی ئاوی خواردنەوەشەوە مەردان حوسێن ئاماژەی بەوەدا تانکی و کۆگای ئاوی خواردنەوەی سەرەکی گەڕەکەکەیان ژەنگاوی بووەو پێویستە پەلە لە گۆڕین و تازەکردنەوەی تانکییەکان بکرێت. لە سەنتەری بازاڕی زاخۆ حیکمەت تاهیر ئاماژەی بەوەدا کە بەپێی ئەو گەورەبوونەی لە زاخۆ هەیە پێویستیان بە چەند باخچەو پارکی دیکە هەیە، ئەمە جگە لە داواکاری فراوانکردنی شەقامە ناوخۆییەکانی ناو سەنتەری زاخۆ کە قەرەباڵغیەکی زۆر بەخۆوە بینیوە.

خەلیل مەحمود قایمقامی قەزای زاخۆ بۆ (گوڵان):

# گۆڕینی فەرمانگەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەنگاوێکی باش و کاریگەر بوو بۆ گەشەکردنی شاری زاخۆ

### زێدەڕۆیی و تاپۆکردنی خانووەکان

سەرەتا قایمقامی زاخۆ سەبارەت بە ماستەرپلان و بەرفرەوانی شارۆچکەکە گوتی: ماستەرپلانی زاخۆ کە لە لایەن کۆمپانیای ڤۆیسینگی ئەلمانی ئەنجامدراوە تەنیا پەسندکردنی وەزارەتی شارەوانی ماوە، بەڵام کار و پڕۆژەکانی زاخۆ لەسەر نەخشەی بنەڕەتی جێبەجێ دەکرێت، لەکاتێکدا سەنتەری قەزاکە بەرفرەوانییەکی زۆری بەخۆوە بینیوە و دیاردەی زێدەڕۆییش لە رووی نیشتەجێبوونەوە بە تایبەتی لە کۆمەڵگاو شوێنە سەربازییەکان زۆرە وەکو (فرقەی کۆن)، بەڵام ماوەی دوو ساڵە بە شێوەیەکی زۆر باش رێگە لە دیاردەی زێدەڕۆی گیراوە و لە لایەن شارەوانی زاخۆوە دیزاینی گونجاو و جوان بۆ ئەو شوێنانە دروستکراوە تاوەکو بتوانری هاووڵاتیان دڵنیا بکەنەوە لە ئەنجامدانی پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری وەکو ئاو و ئاوەڕۆ و دروستکردنی شۆستەو قیرتاوکردنی شەقام و کۆڵانەکانیان و تاپۆ کردنی خانووەکانیان.

### زاخۆو ئیدارەیەکی سەربەخۆ

سەبارەت بەوەی کە خەڵکی زاخۆ داوایانکردبوو کە قەزاکەیان بکرێتە ئیدارەیەکی سەربەخۆ و ئەمە بەچی گەیشتووە؛ قایمقامی قەزای زاخۆ گوتی: زاخۆ بەرفرەوانی و گەشەکردنێکی گەورەو زۆری بەخۆوە بینووە و ئێستا وەکو شارێك وایە و خەڵکەکەشی مافی خۆیانە کە ئەو داوایە بخەنەڕوو، هەرچەندە حکومەتی هەرێم کارو پڕۆژەی باشی بۆ ئەنجام داوە، بەڵام بوون بە ئیدارەی سەربەخۆ وا دەکات بودجە و توانا و کارو پڕۆژەی باشتری بۆ ئەنجام بدرێت. لە ساڵی رابردوو لەلایەن جەنابی سەرۆکی هەرێم بڕیاردرا چەند شوێنێك بکرێتە ئیدارەی سەربەخۆ یەکێك لەمانە زاخۆ بوو، ئەم ساڵیش کە رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە ٢٠١٢/٩/٢٥ کە سەردانی زاخۆی کرد ئەم پرسیارو داوایە لە بەرێزیان دووپات کرایەوە و ئەم داخوازییە زیاتر بۆ گرنگیدانی پترو باشترە بە قەزاو سنوورەکە، لەلایەکی دیکە لە لایەن سەرۆکی حکومەت بڕیاردرا فەرمانگەکانی زاخۆ بۆ ئەوەی توانا و دەسەڵاتیان زیاتر بێت بکرێنە بەڕێوەبەرایەتی و لەم لایەنەشەوە پارێزگای دهۆك زۆر هاوکاری و یارمەتی داوین، ئەمەش هەنگاوێکی باش بوو بۆ زیاتر گرنگیدان و گەشەکردنی شارەکە.

### گرفتی ئاوی خواردنەوە

کێشەی ئاو و تازەکردنەوەی تۆڕی دابەشکردنی ئاو لە ناو هەندێ گەڕەك و شوێنی شارۆچکەی زاخۆ بوونی هەیە لەم رووەوە قایمقامی قەزای زاخۆ گوتی: زاخۆ پڕۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەی هەیە کە سەرچاوەکەی ئاوی خاپورە و ئێستاکەش ئاو بۆ ٩٠٪ی سەنتەری قەزاکە دابین دەکات، بەڵام لە ناو هەندێ گەڕەك و شوێنی شارۆچکەکە کێشەی کۆنی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەمان هەیە، هەر بۆیە لە ٧٠٪ی تۆڕەکانمان تازە کردۆتەوە، بەڵام هەر کێشەو کەموکوڕی ماوە و هەندێ لە گەڕەك و شوێنەکان گرفتی کەمی ئاوی خواردنەوەیان هەیە و لە هەوڵی ئەو داین بە زووترین کات تۆڕی ئاوی ئەو گەڕەکانەش بگۆڕین، لە لایەکی دیکەوە لە هەندێ گوند و کۆمەڵگای سنوورەکەو ناحیەی باتیڤیا بەتایبەتی لە دەرکارێ تا دەگاتە بێرسیڤێ کەموکوڕی و کێشە لە ئاوی خواردنەوە هەیە، هەر بۆیە پڕۆژەیەکی دیکەی ئاوی خواردنەوە بۆ سنوورەکە پێشنیار کراوە کە جێبەجێ بکرێت کە ئەم پڕۆژەیە بۆ ناحیەی باتیڤیا و کۆمەڵگای مانگێشکێیە و رەزامەندیشی لەسەر دراوە.

### کێشەی میلاکات لە قوتابخانەکان

سەبارەت بەکەرتی پەروەردە قایمقامی زاخۆ گوتی: ژمارەی قوتابیان لەزاخۆ زۆر زیادی کردووە و ئێستاکە لە سنووری زاخۆ زیاتر لە٨٥ هەزار قوتابی هەیە و ساڵ لە دوای ساڵیش زیاتر دەبێت، بۆیە سێ ساڵ پێش ئێستاکە زۆربەی قوتابخانەکان قەرەباڵغ و چوار دەوامی و سێ دەوامی بوون، بەڵام ماوەی دوو ساڵە بەتایبەتی لە کابینەی٧ی حکومەتی هەرێم کەرتی پەروەردە گرنگیەکی زۆرو تایبەتی پێدراوە، ژمارەیەك بینایەی قوتابخانەی هاوچەرخ و باش لە سەنتەری شارۆچکەکە و سنوورەکە دروستکراوە، بەمەش توانراو چوار دەوامی نەمێنێت و سێ دەوامیش زۆر کەم بۆتەوە و قوتابخانەکان زیاتر دوو دەوامین و ئێستاکەش ١٠ بینایەی قوتابخانەی جۆراوجۆر کە هەندێکیان ١٨ پۆلییە و یەکێکیان ٢٧ پۆلییە لەژێر جێبەجێ کردن دانە و بەتەواوبوونی ئەم قوتابخانانە ئەوە رەوشی پەروەردە لە رووی قەرەباڵغی و دوو دەوامی زۆر کەم دەبێتەوە، سەرەڕای ئەوانەش ساڵانە هەر پێویستمان بەبینایەی دیکە دەبێت، هەروەها لە سەردانەکەی ئەم دواییەی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زاخۆ بڕیاری دا کە چوار بینایەی





**ڕەخنەو داواکاری خەڵکی قەزای زاخۆمان بەرامبەر بە کەمی کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان ئاراستەی (خەلیل مەحمود) قایمقامی قەزای زاخۆ کردەوە و ئەویش زۆر بە ڕاشکاوانە پەنجەی خستە سەر کەموکوڕییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.**

قوتابخانەی ١٨پۆلی کە دووانی لە سەنتەری قەزا و یەکێك لە ناحیەی باتیڤیاو یەکێکیش لە دارکاریێ دروست بکرێت، هاوکات هەندێ قوتابخانەش هەیە کە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، لەلایەکی دیکەوە لە هەموو گوندەکانی ئاوەدانکراوەتەوە لە سنوورەکەدا ئەگەر ژمارەی قوتابیانیان ١٠قوتابیش بێت ئەوە قوتابخانەیان هەیە و لە ڕووی میلاکاتیشەوە کەموکوڕی و کێشەمان لە قوتابخانەکان هەیە بەتایبەتی لە کەمی و نەبوونی مامۆستای وانەی کوردی و ئینگلیزی و زانستەکاندا، هەر چەندە ساڵانە ژمارەیەکی باشیش مامۆستامان بۆ دادەمەزرێنن، بەڵام ئێستاش زۆر پێویستمان بەرێژەیەکی باشی مامۆستا هەیە و بڕیارە لە پڕۆسەی دامەزراندنی ئەمساڵدا ژمارەیەکی باش مامۆستامان بۆ دابمەزرێنن.

### کەرتی تەندروستی و گرفتی میلاکات

سەبارەت بەکەرتی تەندروستی و کێشە و کەموکوڕی و ئەو پڕۆژەو کارانەی ئێستا بۆی دەکرێت قایمقامی قەزای زاخۆ ئاماژەی بەوەدا لە سنووری زاخۆ ١٧ بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانە هەیە و دوو نەخۆشخانەش کە یەکێکیان بۆ منداڵان و لە دایکبوونە و ئەوەکەی تریش ٢٠٠ قەرەوێڵەییە بەناوی نەخۆشخانەی بێداریێ تازە دروستکراون، کێشەی ئێمە لەڕووی تەندروستییەوە کەمی و نەبوونی ستافی نەخۆشخانە و تەندروستییە و لەدامەزراندنی ئەمساڵدا بڕیارە گرنگیەکی تایبەت بە زاخۆ و سنوورەکە بدەن و لە کەرتی تەندروستی ژمارەیەکی باشمان بۆ دابمەزرێنن.

### پڕۆژەکانی شارەوانی

سەبارەت بە پڕۆژەکانی شارەوانی قایمقامی زاخۆ گوتی : ساڵانە بەبەردەوامی لە ناو کۆڵان و گەڕەکەکانی سەنتەری قەزاو ناحیەو کۆمەڵگاکان پڕۆژەمان هەیە، بەڵام زاخۆ جگە لەوەی سنوورەکی بەرفرەوانە و ساڵ لەدوای ساڵیش گەورەتر دەبێت، بۆیە بەردەوام پێویستی بە کارو پڕۆژەی خزمەتگوزارییە بە تایبەتی ڕێکخستن و دروستکردنی شۆستەو قیرتاو کردن، گەرچی ئێستا لە ناو زاخۆ لە چەندین گەڕەکدا پڕۆژەی شۆستەو قیرتاو کردن لەژێر ئەنجام دانەو لە بواری کارو پڕۆژەکانی شارەوانی و گەشتوگوزاردا ئێستا ٤٣پرۆژەی لە ژێر جێبەجێ کردن دایە و زۆربەشیان لە قۆناغی کۆتایدان کە بودجەی هەموو ئەو پڕۆژانە ٧٠ملیار دینارە، سەرەڕای ئەوانەش زۆر گەڕەك و کۆڵان ماوە شۆستەو قیرتاوی بۆ بکەین.

ئەمەو سەبارەت بە کۆکردنەوەی زبڵۆخاشاك قایمقامی زاخۆ گوتی: لە ڕووی پاکوخاوێنی تا ڕادەیەکی باش توانراوە پارێزگاری لە کۆڵان و گەڕەکەکانی ناو قەزاکە بکرێت، بەڵام کێشەی ئێمە لە سستەم و شێوازی خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاکەکەیە، لەمبارەوە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی ناو شارەکە پاك دەکاتەوە ڕێککەوتووین کە چارەسەری زبڵوخاشاکەکەشمان بۆ بکەن، کۆمپانیاکەش هەندێك ئامێری هێناوە لە شوێنێکی دوورو گونجاوی سنوورەکەی داناوە و زبڵوخاشاکەکەی قەزای زاخۆ لەوێ کەپسی دەکەن و بۆ کارگەی ریسایکلینی کاشێ دەیگوازنەوە.

### پردی دەلال

لەتەوەرێکی دیکەدا قایمقامی زاخۆ باسی لە پردی دەلال کردوو گوتی: ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری دهۆك و بەسەرپەرشتی و چاودێری یۆنسکۆ دەستیان بەکارکردن لەسەر نۆژەنکردنەوەی پردی دەلال کردووە، هاوکات بۆ هاتوچۆکردنی هاووڵاتیان و گەشتیاران لەسەر ئاوەکە پردێکی کۆنکرێتی بەرفرەوانی سەردەمیانە دروستکرا و لە ٧٠٪ی پڕۆژەکەش جێبەجێکراوە.

### یاریگای وەرزشی نێودەوڵەتی زاخۆ

سەبارەت بەگرنگیدان بەبواری وەرزش و لاوان قایمقامی زاخۆ گوتی: زاخۆ لە بواری وەرزش لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق لە ئاستێکی زۆر باش و بەرزە، لە لایەنی گۆڕەپان و یاریگای وەرزشی سێ یاریگای بچوك کراوەو دوو یاریگای گەورەی هەیە، هەروەها ئێستاکە گۆڕەپانێکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی بە ناوی یاریگای وەرزشی زاخۆ دروست دەکرێت کە نزیکەی ٢٠هەزار کەس تێیدا جێگای دەبێتەوە و لە ٧٥٪ی تەواو بووە و لەسەردانی ئەم دوایەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە کابینەی ٧دا بڕیاریدا کە یاریگاکە بەرفراوان بکرێت و سەری یاریگاکەش بگیرێت و ببێتە یاریگایەکی داخراو و دەوروبەری یاریگاکەش شەقامی بۆ دروست بکرێ.

### ناوچەی بازاڕی ئازاد

لەکۆتاییدا قایمقامی زاخۆ ئاماژەی بەناوچەی بازاڕی ئازاد کرد کە پڕۆژەیەکی گرنگەو بەردی بناغەی بۆ دانراوە، بەڵام هێشتا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەلایەکی دیکەوە قایمقامی زاخۆ ئاماژەیان بەدابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی کردوو ئەوەی ڕوون کردەوە کە سەرەڕای بوونی دەسەڵات لەقایمقامیەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانیان، بەڵام داوایان کردووە دەسەڵاتەکانیان زیاتر بۆ بێتە خوارەوە.

**لە٧٥٪ی یاریگای وەرزشی نێودەوڵەتی زاخۆ تەواوبووە کە ٢٠ هەزار کەس تێیدا جێگای دەبێتەوە**

**لە ناو هەندێ گەڕەک و شوێنی شارۆچکەکە کێشەی کۆنی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەمان هەیە**

**لە قەزای زاخۆ ١٠ بینایەی قوتابخانەی جۆراوجۆر کە هەندێکیان ١٨ پۆلییە و یەکێکیان ٢٧ پۆلییە لەژێر جێبەجێ کردندایە**

**٤٣ پڕۆژەی شارەوانی و گەشتوگوزار بەتێچوونی ٧٠ ملیار دینار لە ژێر جێبەجێ کردن دایە**

**کۆمپانیای پەیوەندار زبڵوخاشاک کەپس دەکات و بۆ کارگەی ریسایکلینی کاشێ دەیگوازێتەوە**